# هەورامانم لەگیرفانی هەورامانەکەی تۆوە بۆنەهاتوە

**هەورامان علی تۆفیق**
Berzi-san@web.de

لەپەراوێزی ئەم باس و خواسانەی دوای و بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی رەش نووسی دەستوری هەرێمی کوردستان و ئەو سەرنج و راوبۆچونانەی کە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە مافی خۆیەتی بیرو راو بۆچونەکانی زۆر بەئازادانە بخاتە ڕوو . بیرو ڕاوسەرنجەکان خۆیان لە کۆمەلێک بۆچوونی جیاواز کە هەریەکەیان بۆ داکۆکی کردن لەبابەتێک کە بەبڕوای ئەو کەموکوڕی یان لەبیرکردن یان راستکردنەوە و زۆر لایەنی لە دەستورەکەدا پێویستە . سەرەرای هەموو ئەو  سەرنجانەی تائێستا هەن و بەردەوامیش نووسەران و رۆشنبیران و سیاسەت مەدارانی کورد و ئەوانەی بەدوای پوختەیەکی باش کە لەبەربەرژەوەندی ئەم نەتەوەیەدا بێت دەگەرێن و بەردەوام لێکۆڵینەوە و باس و خواس هەیە .. بەلاّم ئەوەی گرنگ بوو کە بابەتی زمان یان ئەو شێوە ئاخافتنانەی کە تێکرای زمانی کوردی لەخۆیان دەگرێتەوە و بەپێی بەڵگەمێژووی و راستیەکانی ئەمرۆی کوردستان کە لەپێش چاومانن و دەبێ دانیان پێدا بنێین ...

ئەگەر کەسێک داوای ئەوە بکات کە ئەو شێوە زمانەی کە باوباپیرانی ئێمە پێیان ئاخاوتووە و مێژوو ئەدەبی کوردی لەوێوە رەچەڵەکی گرتووە ئەمرۆ حەرام و خیانەت بێت داوابکەرێت بۆ لەنێو ئەم دەستوورە کوردیەی هەرێمی کوردستان ناوی ناوچەیەکی کوردی کە خاوەن  شێوە زمان و کەلتوورو هونەرو ئەدەبیاتی سەربەخۆیی خۆیەتی لەدێرزەمانە ئەو کاتانەی کە ئەو نووسەرە بەرێزانەی کەبەزمانی بێگانە هەق بەخۆیان دەدەن بە و نووسەر و خاوەن هەلوێستانە بە خۆفرۆش و کەسانێک کە پێویستە لەم دۆخەدا دەم کوت بن و دەنگ بەرزنەکەنەوە چونکە لای ئەو هێشتا زەمەنی رژێمی سەدامە و لەپێش چاوی هیچ نەگۆراوە من لێرەدا نامەوێ ناوی کەس بێنم بەلاّم ئەوانە بەخۆیان تێدەگەن کە من مەبەستم لەکێیە .. هەروامان و زمانی هەورامی و ئەدەب و هونەری رەسەنی ئەم ناوچەیە تا ئەمرۆژەی ئێستامان هونەرێکە رەسنایەتی وخۆیی پاراستووە و شانازی بەوەوەدەکات کە کوردە . ئەگەر لاپەرەگانی مێژوو بەوردی هەڵدەینەوە  دەبینین کە سەرەتای ئەدەبی کوردی و زمانی هونەرو هەلبەست و نووسین هەورامی بووە .. بەرێزم لەخۆت ناپرسی بۆ ... ؟؟ کاتێک مێژووی ئەدەبی کوردی عەلادینی سوجادی دەخوێنینەوەکە لەم بارەیەوە دەڵێ (کورد لەبەرە بەیانی مێژووەوە لەباری ئەدەبی دا تێکەلاّو بووە یالەگەڵ ڕوم وفارسدا وەیا لەم ئاخرەدا لەگەڵ توركدا هەرچی دەستەی خوێندەواربووە یا سەربەخۆ ئاشنانەبوون بە بارەگای پادشاکانی تورک و عەجەم یانزیک بوون بە کۆشکی ئەو خانەدانە کوردانە کە ئەوان هاتووچۆی بارەگاکانیان کردون . بەیاسای تەبیعەت برەو لەو زمانەدا ئەبێ کە پادشا قسەی پێ ئەکاو پێ ی کردووە ئەو زمانە بەئەدەب پیشان دراوە و پیشان ئەدرێ کە پادشا و خاوەن ولاّت قسەی پێ کردووە و پێ ئەکا . بە درێژایی زەمان ئەم زمانانە لە سەر زمانی کوردی سوڕاونەتەوە , بەجۆرێک شعوری داپۆشیون تەنانەت ئەوەیان بەدلاّ نەهاتووە کە زمانی خۆشیان ئەگونجێ ببێ بەزمانێکی ئەدەبی ..) لاپەرڕە( 142 )   لێرەدا نوسەری بەرێز درێژە بەباسەکەی دەدات و ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبی لەرێگای مزگەوتەکانەوە بلاّوکراونەتەوە و لە لایەکی تردا دەڵێ ( هەورامان شوێنێکی شاخ و داخ و وشکە نەفارس خۆی بۆ کوتاوە  و نەڕۆم , نەعەجەم بەتەنگیەوە بووە نەتورک , بەم بۆنەوە پیاوەکانی ئەوێ ئەوەندە ئاشنای بارەگای پادشاکان نەبوون بەجۆرێکی وەها کەزمانی ئەوان سوار زمانەکەیان بێت . هەرکە دەرونیان هاتبێتە جۆش بەزمانەی خۆیان دەریان بڕیوە ) لاپەڕە ( 143)  کەواتە ڕەسەنایەتی ئەم شێوە زمانە لەم یەک دووڕۆژەی دوایدا بۆمان نەماوەتەوە و لەپێش ئەوەی کە ئەو بەرێزە توانیبێتی بەزمان و ئەدەبی ڕەسەنی کوردی بنوسیت,

هەورامان و هەورامیەکان پارێزەری ئەم ڕەسەنایەتیەی خۆیان بوون . یان ڕوو لەگەورە شاعیرو نووسەرانی کوردبکەین و بەتایبەت فەلەسوفی کورد مەولەوی بکەین ... ئەوە لە گەورە شاعیرو نوسەرو مێژوو نوسانی ناوچەکانی هەورامان گەرێن .. ئاین و پەیوەستە دینیەکانی ئەم ناوچەیە کە پێش ئاینی ئیسلام باوباپیرانی ئێمە دواکەوتووی ئاینی زەردەشتی بوون ئەو ئاینە بەشێوە زمانی هەورامی کۆن نووسراوە . ئەگەر سەیری ئەو بەلگانەی کە لەدوای فتوحاتی ئیسلام بۆ سەر ئەم ناوچەیە چ ئافاتێک ئەم ناوچەیەی لەگەل ناوچەکانی تری شارەزووری گرتەوە ئەوەی مێژوو بەلگەنامە و رەسەنایەتی پێوە دیاربوو سوتێنراو پەرستگاو ئەو شوێنانەی پیرۆزی خۆیان هەبوو کاول کران .. بەرێزم تۆش دەتەوێ هەمان مێژوومان بۆ دووبارە بکەیتەوە بەناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد و ناسکی ئەم بارو دۆخەی کورد وەک ئێمە کورد نەبین هەست بەوە نەکەین و چاوەڕوانبین تۆ ووشیارمان کەیتەوە , کاتێک کورد و سەرکردایەتی کورد شۆرشەکانی هەیشە لە خەڵکانی ئەم ناوچەیە بێبەش نەبوون لە قوربانی و فیداکاری و بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر دووژمنان .. ناوچەکانی هەورامان هەردەم مۆلگایەکی بەئەمان و ئاسوودەبوون بۆ شۆرشەکانی کورد دەرگایەک بوون بۆ دووبارە دروست بوونەوەی و هەڵگیرساندنەوەی شۆرشەکان وهەمیشە بلێسەیەکی نەکوژاوەبوون . بۆ شۆرشە کوردیەکان و باوەشێکی گەرم و بەسۆزی برایەتی بوون بۆ هەموو ئەو قۆناغانەی کە کورد لە ئاوارەبوون و دەربەدەری و ڕاکردنەکانیدا ئەم باوچەیە لە باوەشی گرتوون .

ئەگەر ئەمرۆش داوایەک بکەن مافی رەوای خۆیانە و پێویستە لەبەرچاویش بگیرێ نەک وەک هەموو داواکانی تر ئەویش پشت گوێ بخرێ .. ئێمە وەک کەسایەتی ئەم ناوچەیە تەنها گلەیمان لە دەستوورنیە بەڵکو زۆر گلەیی دیمان هەن و هەمیشە باسکراون بەڵام سوودی نەبووە لەوانە ئەو هەموو دەزگامیدیایانەی کورد تەلەفزیۆنێک نابینی هەورامی بێت و بۆ ئەم ناوچەیە بەتایبەت ئەگەر بەخێری ئەو بەرێزانەو بەئارەزووی خۆیان دووهەفتە جارێک یان مانگی جارێک بەرنامەیکی یەک سەعاتی وەک هەڵخەڵەتاندنێک بڵاودەکرێتەوە ,, ئەم بەرنامانەش سەردەمانێک هەربوونیان نەبوو لەبەر ئەوەش موونافەسەی حزبایەتی هەموو لایەکی ژیانی ئێمەی گرتۆتەوە و ئەرگە فلان کەناڵی ئاسمانی بەرنامەیەکی بڵاوکردەوە ئەوە دەبێ منیش خێرا بەرنامەیەک بڵاوبکەمەوە یان بەشێوەی گۆرانی پێژەکانمان هەرلایەک یەکێک دەباتە ئاسمان و دیکاتە سوپەر ستاری هەورامان , بۆ نا با خەڵکی ئەم ناوچەیە و تەوای کوردستان با لە پاڵ زمانی سەرەکی سۆرانی , هەورامی و بادینی ( کرمانجی ) و ئەو زمانە یەکگرتووەی کە بەپیتی لاتینی بخوێنرێت و لەم پێتە عەرەبیانە خۆمان و نەوەکانمان ڕزگاربکەین , بەم شێوە بۆ چەند ساڵی داهاتوو نەوەیەکی بەتوانا و شارەزا لە ڕەسەنایەتی زمانی کوردیمان پەروەردەکرد , نەک بابەتەکانمان بەعەرەبی یان فارسی یان تورکی بنوسین ,, بەهەر حاڵ گرفت و دواکاری زۆرن بەڵام کەمن ئەوانەی بەدوای ئەم داواکاریانەدا دەچن یان ئەوانەی کە خۆیان خەڵکی ئەم ناوچانەن و لەسەرکردایەتی حزبەکاندا کاردەکەن و چەندین ساڵە خەبات دەکەن . دەبێ ئەوانیش دەنگیان هەبێت و پشتوانی خۆیان بۆ هەموو ئەو دەنگە راستیانە بەرزبکەنەوە .چونکە ئەم شێوە هەنگاوانە دژی ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کورد و دۆزەکەی نیە بەڵکو بۆ زیاتر خزمەت کردنیەتی .... نەک دەست خۆشی لە جەنابتان بکەن و داوای بەدەوام بوونتان لەم شێوە نوسینانە بۆ بخوازن .

بەڵام پێم سەیرە وروژاندنی بابەتێ لەم چەشنەو بۆ خوێنەری کورد بۆ دەبێ بەعەربی بنوسرێت و بەشێوەیەک کە واخوێنەری عەرەب بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەم شێوە نووسینانەبن کە کورد دەیان نوسێت و بەعەرەبی بڵاودەکرێنەوە . بۆیە لەکۆتایدا دەڵێم زمانی هەورامی لە گیرفانی شێوە هەورامیەکەی تۆوە بۆمان نەهاتووەو ئەوەی بڕوامان پێ ی هەیە و ئەوەی چەندین ساڵە لە ئافاتی فارس و ڕۆم و عەجەم و تورک و عەرەبەکانی ئەم دواییە پارێزراوە بە دڵنیایەوە لەمەو دواش لەدەستی پێنوسی دەیانی وەک تۆش دەپارێزرێ .